# ئاشنا بوون به ئەفلاتوون

پۆل ستراتێرن
وەرگێڕانی لەفارسییەوە: ڕێباز مستەفا

بەشی یەکەم



ئەفلاتوون، مایەو هەوێنی پووچکردنی فەلسەفە بوو یا (لانی کەم) ژمارەیەك لە بیرمەندانی مۆدێرن , ئەو تێڕوانینەمان لەلا چێدەکەن , نیچە و هایدگەر هەردووکیان, لەو باوەڕەدان کە فەلسەفە , هەرگیز لە ناسکاری و چاودێریکردن سوقرات و ئەفلاتوون , لەسەدەی پێنجەمی پێش زانیین , نەیتوانیوە دۆخی خۆی باش بکات , کەمتر لە دوو سەدە پێشتر , فەلسەفە ڕێڕەوی خۆی گرتبوو , لە زۆر ڕووەوە بە زەحمەت هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی هەڵێنابوو , بەڵام لێرەدا (واتە لەسەدەی پێنجەمی پێش زاین) بوو کە وەك دەگوترێ ڕێی چەوتی گرتە پێش , سوقرات هیچ نووسینێکی لە دوای خۆی بەجێنەهێشت, سەرچاوەی سەرەکی زانیاریی ئێمە لەسەر ئەو, کەسێتێیکی نیمچە مێژوویيە کەلەهەڤپەیڤینەکانی ئەفلاتووندا بە دەردەکەوێ, بەزۆری سەختە دەستنیشانی ئەوە بکەین کە چ کاتێك ئەو کەسێتیە لە حاڵەتی دەربڕینی ئەو بیروئەندێشانەیە کە خودی سوقرات دەریبڕیوە یا تەنها لە پایەی قسەکەری ئەفلاتووندا , ڕۆڵ دەگێڕێ لە هەر حاڵەتێکدا ئەو سیمایە , لە نیچەوە , جیاواز بوو لەگەڵ ئەو فەیلەسوفانەی کە بەر لەو بەسەریان دەبرد (ئێستا لای هەمووان بەپێش سوقراتیەکان بەناوبانگن.) بەمشێوەیە چۆن سوقرات و ئەفلاتوون فەلسەفەیان پێش ئەوەی کە وەك پێویست دروست بووبێ , بەرەوپووچبوون بردبێت ؟ واپێدەچێت هەڵەی ئەوان ئەوە بوو بێ کە فەلسەفەیان بە پرسێکی عەقلانی زانیووە . هاتنی شرۆڤە و بەڵگەی پاساودارا , هەموو شتێکی وێران کرد . بەڵام ئەو نەریتە گرانبەهایەی پێش سوقرات چ بوو کە هاتنی عەقڵی تێکیشکاند ؟ فەیلەسوفانی پێش سوقرات ,ژمارەیەك لە کەسانی سەیرو ناوازەی بەرجەستە بوو کە لە هەر بوارێکەوە پرسیار گەلێکی قووڵیان دەهێنایە پێش " واقیعیەت چییە ؟" , " بوون چییە؟" , " بوونەرچییە ؟" زۆر لەو پرسیارانە , تا ئەمڕۆکەش لای فەیلەسوفەکان بێ وەڵام ماونەتەوە (ئەو واقیعیەتە, ئەو فەیلەسوفە مۆدێرنانەش دەگرێتەوە کە پێیانوایە لە بنەڕەتدا ناکرێ وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدرێتەوە , ناچێتە نێو مشتومڕو یاریەکە .) فیساگۆرس , بەپێی پلەبەندی سەرنجراکێشترێن (سەیرترین ) فەیلەسوفی پێش سوقرات بوو ,ئەمڕۆکە فیساگۆرس, لەهەمووی زیاتر بەهۆی ئەو تێزەی کە هی ئەوە واتە ئەو تێزەی کە (مەجزور)ی دوو تیرەی سێگوشەی گوشەوەستاو یەکسان لەگەڵ (مەجزور)ی(ژێ)یەکەی ئەو سێگوشەیە– ناوی لەیادنەچوەو چەندین سەدەیە ئەو پرسە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك , یەکەمین هەڵێنجانی دروستی بیرکاریانەی ئەوانی مەیسەر کردووە : بۆ ئەوانەی هەرگیز سەر لە بیرکاری دەرناکەن ! فیساگۆرس بووکە قووڵترین کاریگەری لەسەر ئەفلاتوون بەجێهێشت و بۆ دۆزینەوەی چاوگی زۆر لە ئەندێشەکانی ئەفلاتوون دەبوا بچینە سۆراغی ئەوەوە .

فیساگۆرس هەر تەنها فەیلەسووف نەبوو, ئەو جگە لەوە, توانی کە ڕۆڵی پێشەوای ئایینی ماتماتیکزان (عارف) و ڕاوێژکاری سیستمی خواردنیش پێکەوە لە کەسایەتی خۆیدا کۆبکاتەوە. چارەنووس وا بوو کە ئەو شاکارە دژوارە فیکرییە کاریگەریی بەردەوامی خۆی لەسەر ئەندێشە فەلسەفیەکانی ئەو دابنێ.

فیساگۆرس نزیکەی ساڵی (٥٨٠)ی پێش زانیین لە (دوورگەی ساموس) چاوی بەدنیا هەڵێنا" بەڵام لە دەستی ستەمکاریی ناوچەیی , ڕێی ڕاکردنی گرتبەر تا خوێندنگەی ئایینی و فەلسەفی و بیرکاری و پارێزکاریی خۆی لەکریتوون, کە کۆلۆنکراوێکی یۆنانی بوو لە باشووری ئیتاڵیا, بنیات بنێ , لەوێ ئەو پێڕستێکی دووردودرێژی لەیاساکان بۆ خوێندکار و مریدو عارف و خۆراکناسەکانی بڵاوکردەوە ئەوان, لەتەك شتە حەرامکردەکانی تر بەراوشکاری لێیان قەدەغەکرابوو, کە لۆبیا یا (دڵ) بخۆن , پێش هەموو شت نان ورد بکەن یا لێبگەڕێن پەرەسێلکەکان لەبنمێچی خانووەکانیان هێلانە چێبکەن, جگە لەوە, لەژێر هەر هەلومەرجێکدا هیچ کامیان نەدەبوو گۆشتی سەگەکەی خۆی بخوات . بەگوتەی ئەرستۆ , فیساگۆرس هەروا ئەو بوارەی وە دەستهێنا کە چەند پەرچووێیك ئەنجام بدات " هەرچەندە بەپێچەوانەی ئەوەی باوە , ئەرستۆ وردەکاریەك لەبارەی ئەمانە بەدەستەوە نادات , بەبڕوای برتراندراسل , فیساگۆرس " ئاوێتەیەك بوو لە ئەنیشتاین و خاتو ئێدی" (دامەزرێنەر "کلێسا"ی زانستی مەسیحی )* (یەکێك لە گروپەکانی مەسیحیەت کە پەیڕەوکارانی لەو بڕوایەدان

دووعا بەتەنیا نەخۆش چاك دەكاتەوە و.ف ) بەداخەوە ئەو زنجیرە توانستکاریە مەزنانەی کە فیساگۆرس هەیبوون نەیتوانی هاوڵاتیانی کریتوون بخاتە ژێر کاریگەریەوە , سەرەنجام ئەوان لەو هەموو ڕێنوێنیانە ماندوو بوون و فیساگۆرس ناچار بوو جارێکیتر ڕێی هەڵاتن بگرێتەبەر , ئەو لەشاری مێتاپونتو (میتاپونتیون/ میتاپونتوم) هەنگاوەکانی هێواش کردنەوە و لەوێ جێگیربوو هەر لەوێشدا لە نزیکەی ساڵی (٥٠٠)ی پێش زانیینی کۆچی دوایی کرد , ڕێنوێنیەکانی فیساگۆرس ماوەی سەد ساڵی دیکە یا ئەو سەروبەندە , لەترۆپکی گەشەو برەودا بوون و بەهۆی مریدە زاناکان و ماتماتیکزانەکانی ئەوەوە , لەسەرتاسەری باشوری ئیتاڵیا و یۆنان بڵاوبونەوە بەمشێوەیە ئەفلاتوون ئەو بوارەی بۆ رەخسا کە لەگەڵ فیساگۆرسدا ئاشنا بێت , فیساگۆرسیش وەکو سوقرات خۆی لە نووسین بواردو ڕێنوێنیەکانی ئەو تەنها لەڕێی خوێندکراەکانیەوە گەیشتوونەتە دەستی ئێمە . ئێستا بۆ ئێمە روون بۆتەوە کە خوێندکراکانی فیساگۆرس هۆو دامەزرێنەری بەشێکی گەورەن لە جلی چل پارچەی بیرکردنەوە , ئەدەب و نەریت , بیرکاری , فەلسەفە و ئەندێشەگەلی سەیرو سەمەرەکە ئەمڕۆکە پێی دەگوترێ (قوتابخانەی فیساگۆرس) لەراستیدا , تێزی بەناوبانگی فیساگۆرس لەبارەی (مەجزوری ژێ )بەئەگەری دەتوانین بڵێین دڵنیاوە بەدەستی خودی فیساگۆرسەوە نەدۆزراوەتەوە .(ئەو قسەیە بەو مانایەیەکە خودی فیساگۆرسیش پرسی فیساگۆرسی دەرك نەکردوەو ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ماتماتیکزان نین مایەی دڵگەرمی ئومێد بەخشە!)



ئەفلاتوون

ئەفلاتوون بە قووڵی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو وتە بەناوبانگەی فیساگۆرس کە" هەموو شتێك ژمارەیە". ئەو قسەیە کلیکی بیرکردنەوەی فەلسەفی تەوای فیساگۆرسە کە بەهەمان ئەندازەی کاریگەربوو, قووڵیش بوون, فیساگۆرس پێیوابوو کە لەو دیوی جیهانی شێوای دیاردەکان, جیهانێکی تر واتە جیهانی ئەبستراکت و هاوئاهەنگی ژمارەکان هەیە, لەراستیدا تێڕوانینی ئەو لە ژمارە لەوەی کە ئێمە بە " وێنە" (یا"سیما") ناوی دەنێین , نزیکترە (بەبڕوای فیساگۆرس ) شتە ماددیەکان لە ماددە دروست نەکراون" بەڵکو دوایین بەشەکانیان وێنە-سیماو پێکهاتەکان –ن و ئەو شتانە لە وێنە یا سیماکان هاتوونەتەکایە . جیهانی ئایدیای ژمارە (یا وێنە) پڕە لە هەماهەنگی و واقیعیترە لە جیهانی بەناو واقیعی, دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژمارەو هۆرمۆنی مۆسیقیی بەرهەمی کاری فیساگۆرس یا فیساگۆرسیەکان بوو, لەژێر رۆشنایی ئەو دۆزینەوەیەدا , تیۆری فیساگۆرس لەمەڕ وێنە (ئاماژە) ئەوەندە دوور لەواقیع بەدی ناکرێ" دروست بەهەمان شێوەی کە لەژێر رۆشنایی فیزیکدا دیاردە دەرونیەکانی ئەتۆم , کەلەپشت بە پێناسەگەلی جەوهەری بەبەستن , سووك و سادە پەنا دەبەنەبەر ژمارەو خەسڵەتەکانی پەیوەست بە سیما و وێنەوە , ئەو تیۆریە ئەوەندەش دوورنییە لەواقیعیەتەوە, ئەو چەشنە بیرکردنەوە ناوجەهەریە , یەکێك لەتایبەتمەندیە باوەکانی ئەندێشەکاری سەردەمی پێش سوقراتی بوو, بۆنموونە , هراکلیتۆس , موریدی فیساگۆرس (؟), لەو باوەڕەدا بووکە هەموو شتێك لە تێپەڕبوونی بەردەوام دایە , رایگەیاند کە (هیچ کەس دووجار پێنانێتە نێو ڕووبارێك.) لەگەڵ ئەوانە هەمووی , سەیر لێرەدایە ئەو قسەیە کە سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی دیموکرتیوس, یەکێکیتر لە فەیلەسوفە پێش سوقراتیەکان رادەگەیەنێ, نیشانەی دوورکەوتنەوەیە لە (ئەندێشە)ی (وێنەی پەتی). دیموکریتۆس پێی لەسەر ئەو تێڕوانینەدا گرت کە جیهان لە ئەتۆمەکان پێکهاتووە, ئەو لەراستیدا بەرلە دوو هەزار ساڵ پێش ئەوەی زانایانی ئەمڕۆکە حوکم بدەن کە زۆریش لەسەر هەقە , بەو دەرەنجامە گەیشتوە , هەروەها فەیلەسوفەکان بەهەمان رادە کاتیان بەخەرجدا تا بگەنە هەمان دەرەنجام کە (کسنوفاسن)ی یۆنانی , فەیلەسوفی پێش سوقراتی پێگەیشتبوو ,ئەو بەراشکاویەوە رایگەیاند کە :"هیچ کەس زاستی لەبارەی خواکان و هەرشتێکیتر

نازانێ و هەرگیزیش نایزانێ " چونکە ئەگەر ڕێکیشکەوت و کەسێك بەخت یاری بوو و راستی تەواو و سەرلەبەریهێنایە سەر زمان , خۆی لێی بێئاگا دەبێت ." ئەو قسەیە, بەشێویەکی سەیر, هاوشێوەیی هەیە لەگەڵ ئەندێشە گەلێك کە ویتگنشتاین لەسەدەی بیستەمدا, خستیە رووەوە. نەریتە فەلسەفە پڕ بارو فرە چەشنیەکە بەو شێوەیە بوو کە ئەفلاتوون تیایدا پەروەردە بوو .




***ژیان و بەرهەمەکانی ئەفلاتوون***

ئەفلاتوون لەیاری ململانێ و تێکوەرانەکردندا کەسێکی بەناوبانگ بوو و ئەو ناوەی کە ئێمە ئەمڕۆ ئەوی پێدەناسینەوەو نازناوێکە کە لە مەیدانی پێشبڕکێی تێکوەرانە کردندا پێیدراوە , وشەی (ئەفلاتوون) واتە پان یاساف و پێدەچێ لەو بوارەدا مانای یەکەمیان مەبەست بێت کە ئاماژەکردن بوو بەشانە پان و پۆڕەکانی ئەفلاتوون ( یاوەك ئەوەی کە هەندێ لەسەرچاوەکان جەخت دەکەنەوە نێوچاوانی). ئەفلاتوون کەلەدایك بوو لەسالی (٤٢٨)پێش زانیین , ناوبراو بووئاریستوکلیس . ئەو لە ئەسینا یا لە دوورگەی ئەگینا , کە دروست کەوتۆتە دوازدە میلی کەناری ئەسینا لە کەنداوی سارونیك , چاوی بە جیهان هەڵێنا , ئەفلاتوون لەیەکێ لە بنەماڵە گەورەکانی ئەهلی سیاسەتی ئەسینا چاوی کردبووەوە باوکی ئاریستۆن لە تۆرەمەی کدروس , دوایین پادشای ئەسینا و دایکی لە نەوەی سولون یاسادانەریگەورەی ئەسینایی بوو , وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە ئەندامی زیرەکی خێزانە سیاسیەکانن یەکەمین دەسەڵاتخوازی و بەرزە فڕیەکانی ئەفلاتوون لەبوار گەلی تری (جگە لە سیاسەت) دەرکەوت , ئەو دووجار لە "یاریەکانی تەنگە"دا(ئەو پێشبڕکێیانەی کە لەتەنگەی کورنێتی یۆنان ئەنجام دەدران ) خەڵاتی تێکوەرانەی بۆ خۆی دەستەبەرکرد , بەڵام پێناچی , هەرگیز خەڵاتێکی لە یاریەکانی ئولۆمپیك لە ئولومپیا بەدەستهێنابێ, لە جیاتیدا, ئەفلاتوون کەوتەکار تاکو ببێتە شاعیرێکی گەورەی تراژیدی نووس" بەڵام نەیتوانی لە هیچ یەك لە پێشبڕکێ گرنگەکان, سەرنجی داوەرەکان بۆلای خۆی رابکێشێ. دوای نا ئومێد و ناکامبوونیلەوەدەستهێنانی میدالیای زێرینوپێشبرکێکانی ئولۆمپیك یادەستەبەرکردنی خەڵاتێك کەلە یۆنانی کۆندا , هاوسەنگی خەڵاتی "نۆبل"ی( ئەم سەردەمە بوو ), کەم و زۆر رەزامەندیدا کە تەنها ببێتە پیاوێکی دەوڵەتی , دواتر وەکو دوایین سەرەرۆیی سەردەمی لاوێتی بریاریدا کە شانسی خۆی لە بواری فەلسەفەدا تاقی بکاتەوە و کەوتەرێ تاگوێ بۆ وتەکانی سوقرات رادێرێ , ئەفلاتوون هەرلەیەکەم بینینیدا , دڵبەستەی سوقرات بوو ,ئەو لەوکاتدا بۆ ماوەی نۆساڵ , ئامادەی دەرس و وتارەکانی مامۆستاکەی خۆی بوو تا ئەو شوێنەی توانای هەبوو , ئەندێشەکانی سوقراتی لەنێو زەهن و مێشکی خویدا دەچەسپاندن شێوازی فێرکردنی سوقراتی کە خەسڵەتێکی نەبەردانەی هەبوو , خوێندکارەکەی خۆی ناچارکرد کە لە هەموو توانا و ئامادەییە ئەقڵیەکانی خۆی بدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا, روانگەی ئەوی بەرووی بوارە نەدۆزراوەکانی بابەتی (فەلسەفە)دا کردەوە , سوقرات بەشێوازێکی جێگیر لەسەر بنەمای پەیڤین و گفتوگۆکردن دەرسی بە خوێندکارەکانی دەدا" شێوازێك کە تیایدا بابەتە جێ باسەکە , هێواش هێواش شرۆڤە و پێناسەدەکرا , ئەو شێوازە بە دیالێکتیك بەناوبانگبوو کەلە وشەیەك لە زمانی یۆنانی کۆندا بەمانای وتووێژ جیابووەوە (دیالێکتdialect "واتە زاراوە یا شێوەزار و زمان"یش لە هەمان ئەو چاوگەوەیە) سوقرات بەرامبەر (یاخوێندکار)ەکەی خۆی لە هەڤپەیڤینیدا هان دەدا کە پێناسەیەك لە بابەتێکی دیاریکراودا بخاتە روو و ئێنجا دەستی دەکرد بەخستنە ژێر

پرسیاری ئەو پێناسەیە و وردەکاری و پشکنینی : کەموکورتی پێناسەکەی دەدۆزیەوە, خاڵە پۆزەتیڤەکانی دیاریدەکردن . زیادکردن و کەمکردن و هەموار کردنی تێدا پێشنیازدەکرد , پانتایی بابەتەکەی فراوان دەکرد و بەو شێوەیە دەچووە پێش . وێناکردنی ماهیەتی زۆر نوێ و تازەی ئەو شێوازە , کەبەقووڵی پشتبەستوو بوو بە عەقڵ , بۆ ئێمە کارێکی سەختە فەلسەفە بەر لە سوقرات یا هیچ سەرۆکاریی بە ئەقڵەوە نەبوو یا پەیوەندێیکی زۆر کەمی لەگەڵدا هەبوو . پێش سوقراتیەکان زیاتر حەزیان لەباس و مشتومڕکردنی بابەتگەلی وەك بوون گەوهەری میتافیزیکی هەموو بوونەوەرەکان یا ماهیەتی بنچینەیی خودی جیهان (بەوردبوونەوە لەو بارەیەی کە جیهان بۆی هەیە لە ئاو یا ئەتۆمەکان پێکهاتبێ ) هەبوو , هەندێ لەو بەڵگە و دیاردانە یا ئەو ناوەڕۆکە جێ سەرنجە لێڵو پەرش‌و بڵاوانە بە سنگ فراوانییەوە بەو شێوەیەی کە ئەوان پێی‌گەیشتبوون, بە چەشنێکی سەیر دروستبوون, بەڵام سوقرات بوو کە بۆی دەرکەوت فەلسەفە ناتوانێ لەو ڕێڕەوەدا هەنگاو بنێ و بچێتە پێشەوە. فەیلەسوفەکان بەر لەوە جێی گاڵتەو مایەی پێکەنین بوون , بەڵام هیچ بیانووێك نەبوو کە فەلسەفە تا ئەو ئاستە دابەزێ , ئەگەر بڕیار وابووبێ بیرکردنەوەی فەلسەفی لەو حاڵەتە گاڵتە ئامێزە ئەقڵییە یا دیسان خزانەوە نێو وردبوونەوە لەپرسی ئاینی(کەلەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو ) دەرباز بکرێ , ئەوا پێویستی بە تێڕوانینێکی وردتر یا تیژبینانەتر هەبوو , شێوازی دیالێکتیی سوقرات ئەو پێویستیەی هێنایەدی ئێستا بەبەرەکەتی زیاتر لە دوو هەزار ساڵی بیرکردنەوەو قوڵبوونەوە و پێداچوونە بەپرسەکان دەتوانین ئەو شێوازە بە پێشەنگی لۆژیك بزانین کە ئەرستۆ خوێندکاری ئەفلاتوون سەدەیەك دواتر نزیکەی ئەوەندە , بنیاتی‌نا .

داهێنانی سوقرات و تێگەیشتنی خوێندکاری ئەو , ئەفلاتوون , لەو شێوازە نیشانەی قۆناغێکی چارەنووسساز بوو لە گۆڕانی فەلسەفەدا بۆ دەرکی تەواوی ئەو پێشکەوتنە , تەنها ئەوە پێویستە باسێکی جیددی ئەقڵی وێنا بکەین کە تیایدا هیچ هەوڵێك لە هۆو بەڵگەکاری بوونی نەبێ. ئەفلاتوون , گەرچی پیشەی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیبووەوە , لەگەڵ ئەوەشدا کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتبووە سەر کە بەرەو ڕابردووی ناکامانەی خۆی بگەڕێتەوە پێ بنێتە نێو دنیای سیاسەت , خۆشبەختانە ڕەفتاری دەوڵەتدارانی ئەسینایی, وایان لێکرد کە واز لەو کارەبێنێ , کاتێك کە دوای جەنگی (پلوپونزی) سی‌کەسی سەرکەش‌و خاوەن توانا , دەسەڵاتیان گرتە دەست , دوان لە ڕێبەرانیان (کریتیاس و خارمیدس) لە خزمە نزیکەکانی ئەفلاتوونبوون , حکومەتی ترس‌و تۆقاندن بەدوای هاتنە سەرکاری ئەوان، دروستبوو, دەیتوانی (ستالین) یا (ماکیاڤلیی) ێکی .لاو دروست بکات.




بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتونی نەخستەژێر کاریگەریی خۆیەوە . دوای ئەوەی کە دیموکراتەکان گەیشتنە دەسەڵات , مامۆستای خۆشەویستی ئەفلاتوون واتە" سوقرات" , بە تۆمەتگەلی ساختەکاریی بێ دینی و بۆگەنکردنی لاوان, دادگایی کراو بە مردن حوکمدرا, دوای ئەو ڕووداوە , دیموکراسی لە دیدی ئەفلاتوون دووچاری هەمان کێماسی و هەڵە و چەوتیەکان بووەوە کە لەسەردەمی حکومەتی زۆردارانە هەبوون . پەیوەندیی نزیکی ئەفلاتوون لەگەڵ سوقرات , ئەوی خستە نێو هەڵویستێکی ترسناك و ئەفلاتوون بەناچاری بەرژەوەندیی خۆی لەوەدا بینی کەلە ئەسینا باربکا و بڕوا , بەمشێوەیە گەشتەکانی ئەفلاتوون دەستیان پێکرد کە دوازدە ساڵن درێژەیان کێشا ,ئەو دوای ئەوەی کە لە کۆڕی مامۆستاکەی خۆیدا هەرچی کە توانیبووی فێرببوو , ئێستا لە کۆڕی جیهاندا خەریکی کۆکردنەوەو وەدەستهێنانی زانست و زانیاری بوو , بەڵام لەو

ڕۆژگارەدا, جیهان ئەوەندە فراوان نەبوو و ئەفلاتوون لە قۆناغی دەستپێکی تاراوگەیی خۆیدا , بەهاوڕێیەتی برادەری خۆی "ئەقلیدۆس"ی "میگارایی ", تەنها بیست میل لەو لاتر لە میگارا سەرزەمیزی‌دراوسێی ئەسینا , سەرقاڵی خوێندنەوەوو لێکۆڵینەوە بوو ئەو "ئەقلیدۆس"ە هەمان "ئەقلیدۆسی " زانای ئەندازەو ناودارنەبوو, بەڵکو لە خوێندکارە دێرینەکانی سوقرات بوو کە بەهۆی دیالێکتیکی وردبینانەی خۆی , ناوبانگێکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو, ئەقلیدۆس ئەوەندە خولیای سوقرات بوو کە بە جل وبەرگ و ڕواڵەتی ژنانە , هاتبووە قەڵەمڕەوی ئەسینا کە ئەودەم لەگەڵ "میگار" دا دوژمنایەتی هەبوو , تاکو لە مەراسیمی ناشتنی مامۆستای خۆیدا ئامادەبێت ). ئەفلاتوون ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ "ئەقلیدۆس" لە "میگارا" مایەوە دواتر بەرەو (کورنە) کە کەوتۆتەباکووری ئەفریقا کەوتەڕێ تا لەگەڵ "تیۆردۆروس" ماتماتیکزان بە خوێندنەوەوو لێکۆڵینەوە خەریکبێت , دوای ئەو ماوەیە واپێدەچێ کە ئەفلاتوون گە شتێکی بۆ میسرکردبێ بەپێی ریوایەتێکی بەهێز, لەو ماوەیەدا کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتەسەرکە دیدار لەگەڵ ژمارەیەك لە "مۆغەکان" لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە جێگایەکی دوورە دەست , واتە لە کەنارەکانی ڕووباری " گەنگ", کۆتایی پێهێنا , بەڵام ئەو چیرۆکە پێناچی ڕاست بێت . ئەفلاتوون ڕەنگە لە کاتی نیشتەجێبوونی لە "میگارایا" لە ماوەی هەڵوەستەکردنێکی لە گەشتەکانیدا , یەکەمین بەرهەمەکانی خۆی کە ئەمڕۆ لەوەوە لەبەردەستمانە , نووسیبێت , ئەو بەرهەمانە لە قاڵبی گفتوگۆدا نوسراون و زۆر لەژێرکاریگەریی کەسێتی و ئەندێشەی سوقرات دان , لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتوون سەرلەبەرنەکەوتۆتەژێر سێبەری سوقرات , ئەو هەڤپەیڤینانە , دروستکراوی مێشکی بیرمەندێکن کە بەترۆپکی هەربەرزی پێگەیشتن " کەماڵ" گەیشتووەوە جگە لە فەلسەفە لە پانتایی ئەدەبیانیشدا بە بەرهەمی مەزن دەژمێردرێن لەبەشێکی زۆری ئەو هەڤپەیڤینانەدا , سوقرات وەك کە سێتی ئەسڵی دەردەکەوێ , ئەندێشەکانی خۆی دەخاتەڕوو ئەو لەسیمای کەسێکدا کە (بەرامبەرەکانی) دووچاری تووڕەبوون دەکرد , مرۆڤێکی باڵا دەست ,بەڵام دواجارمایەی ڕێزو خۆشەویستی وئاوێتەیەکی ئاڵۆز لە کەسێکی گاڵتەبازو (قەدیس), خۆی دەنوێنێ و دەردەکەوێ و بەوشێوەیە کاریگەرییێکی زۆر لە دوای خۆی جێدەهێڵێ , لانی کەم سێ برگە لە هەڤپەیڤینە سەرەتاییەکانی ئەفلاتوون "بەرگرینامە" و " کریتۆن" و "ئوتیفرۆن" لەگەڵ هەڤپەیڤینی " فایدۆن", کە لە ریزی بەرهەمی دواتری ئەفلاتوون دایە , تایبەتن بە دادگایی کردن, دوارۆژەکانی زیندان و سەرەنجام مەرگی سوقرات , ئەو ڕووداوانە کاریگەرییێکی قووڵیان کردبووە سەر ئەفلاتوون و ئەو وێنایەی کە ئەفلاتوون لەوانە دەیانخاتە دەست , بەهاوتای (هۆملیت و دۆزەخ)ی دانتە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا دەژمێردرێن بەرگریینامە , دادگاییکردنی سوقرات و بەرگریی فەیلەسوفی هەشتا ساڵە لە خۆی لەبەرامبەر خەڵکی ئەسینا , وێنادەکات وتەکانی سوقرات بێ زیادەڕۆیی , وەکو بەرگریکردنێکی یاسایی یا تەنانەت ڕازیکەرانە مایەی قبوڵ نین , سوقرات زۆر بەبێ بایەخ و سووکگرتنەوە ڕووبەڕووی ئەو تۆمەتانە بووەوە کە درابوونە پاڵی و چووە سەر بابەتگەلی سەرنجڕاکێشتر " وەکو ئەو پرسەی کە چما ئەو بە زانا دانرابوو ,ئەو ڕایگەیاند کە ژیانی تەنها لە پێناو ڕۆڵێك یا ئەرکێکدا دەخولێتەوە کە (سرۆش دلفی) کە سوقراتی بە زاناترین ئادەمیزادی سەر گۆی زەوی وێناکردبوو پێی ڕاگەیاندبوو سوقرات سەرەتا قسەکەی(سرۆش دلفی) بە گومانەوە تەماشا کردبوو " چونکە ئەو هیچ شتێکی نەدەزانی (بانگەشەیەکی نموونە سوقراتی) ,بۆیە دەستی کردبوو بە پرسیارکردن لەوانی‌تر کە بەزانایی ناوبانگی دەرکرد بوو بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەوانیش هیچ نازانن , ئەو نموونەیەکی کلاسیکە لە شێوازی دیالێکتیك بەکارهێنانی فەلسەفە بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی سەردەم بە گردێك لەوێرانی ئەو شێوازە هاوشێوەییەکی سەیری لەگەڵ شرۆڤەکاریی زمانی "وینگنشتاین" لە فەلسەفەی مۆدێرندا هەیە , ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوەی سوقرات وەك دەرس دەیوتەوە , زیاتر شێوازێکی فەلسەفی ,واتە بیرکردنەوەی ڕۆشن و شەفاف بوو تا جۆرێك بێ فەلسەفە ئەو شێوازەی تەنها بە ئامرازێك بۆ گەیشتن بەڕاستی نەدەزانێ " بەڵکو جگە لەوە وەك چاوگێك بۆ کرداری چاکیش پێدەڕوانی بەدڵنیاییەوە سوقرات لەگەڵ ئەو بانگەشەیە سەدەی بیستەمیەی وینگنشاین هاودەنگبوو کە " فەلسەفە تیۆری نییە بەڵکو چالاکییە " تیڕوانینێك وەها بۆشاییەکی بنەڕەتی لە ناواخنی بیرکردنەوەی فەلسەفی لە خۆی جێدەهێڵێ . چارەنووس وابوو کە ئەفلاتوون دوای

سوقرات بێت و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە , دوای زیاتر لە دەساڵ گەشت و گوزار , ئەفلاتوون گەیشتە "سیسیل"و لەوێ چووە سەیرکردنی چاڵی گڕکانی چیای (ئەتینا), ئەو گڕکانە بەیەکێ لە شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی گەشت و گوزاری ئەو سەردەم دەژمێردراو هەر تەنها دیاردەیەکی جوگرافیایی نەبوو , خەڵك لەو باوەڕەدا بوون کەگڕکانی ئەتینا , شوێنێکە کە هاوشێوەی جیهانی خوارەوە یا جیهانی مردووەکانەو بۆیە سەردانیکردنی ئەوێ , وێنایەکی گشتیی پەندئامێز لە ڕەوش و بارودۆخی ژیانی دوایی دەداتە دەستەوە , بەڵام چاڵی گڕکانی بۆ ئەفلاتوون تەنانەت لەوەش زیاترسەرنجڕاکێش بوو ئەویش بەهۆی پەیوەندیی گڕکانی لەگەڵ (ئیمپدۆکلیس) , فەیلەسوف و شاعیری سەدەی پێنجەمی پێش زانیینەوەبوو , ئیمپدۆکلێس خاوەنی توانایەکی ئەقڵی ئەوەندە گەورەبوو، کە سەرەنجام لەوە دڵنیابوو بووە کە لە نێو ریزی خواکان دایە و بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیەی , خۆی فڕێدابووە نێو بڵێسە پڕ لە جۆش و هەڵچووانەی چاڵی ئەو گڕکانەوە , لەو گرنگتر کە ئەفلاتوون لەوێ پەیوەندیی لەگەڵ پەیرەوەکارانی فیساگۆرسیش –کەلەسەرتاسەری کۆلۆنەکانی ونانی سیسیل و باشووری ئیتاڵیا جێگیر بووبوون– گرێدا, دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژمارەو هەماهەنگی مۆسیقایی لەلایەن فیساگۆرس ئەفلاتوون بەرەو لای ئەو باوەڕە ڕێنوێنی کرد کە کلیلی تێگەیشتنی جیهان لە دەستی ژمارەکاندایە , هەموو شتێك دەتوانێ بەپێی ژمارە کە لە هەرێمێکی ئەبستراکتی ئەو دیو جیهانی رۆژانە جێدەگرێ , دیاری بکەیت , ئەو تیۆرە , کاریگەرییەکی قووڵی خستەسەر ئەفلاتوون و گەیشتە ئەو شوێنەی پێی وابوو واقیعیەتی بنچینەیی، بەشێوەیەکی ئەبستراکت (لە مادده)یە, ئەوەی کەلەسەرەتا بەشێوەی ژمارەکان لای فیساگۆرس دەرکەوت , لەفەلسەفەی ئەفلاتووندا بەشێوەی دیمەن (بەنمونە) یائایدیای پەتی کەوتە ڕوو , هەوێن و بنچینەی فەلسەفەی ئەفلاتوون , بریتیە لە تیۆری ئایدیاکان یا (دیمەن)ی ئەو کە لە درێژایی ژیانی خۆیدا , دەستی لەپەرەپێدان و رێك و پێککردنی هەڵنەگرت. ئەوە بەو مانایەیە کە تیۆری ئەفلاتوون بەچەندین لێکدانەوە و گوزاری جیاجیا گەیشتۆتە دەستی ئێمەوە وبەو تەرزە کەل و پەل و کەرەسەی پێویستی بۆ وتوویژ و مشتومڕ لە بارەیەوە خستۆتە بەردەستی فەیلەسوفاتی سەدەکانی دواترەوە (هیچ تێڕوانینێکی فەلسەفی ناتوانێ لەمەڕ مانەوەی خۆیدا ئومێدەوار بێت" مەگەر ئەوەی کە بوارێکی بۆ باس و مشتومڕ لەو بارەیەوە کە شێوازی پێویستی شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو تێڕوانینە فەلسەفە چییە , هەبێت). باشترین خستنەڕووی تیۆری ئەفلاتوون , لە خودی خۆیەوەیە (ئەو ڕەوشە لە فەلسەفەدا هەروەك کە جێیەکانیتر هەمیشە بەرقەرار نییە) زۆر بەداخەوە , ئـەو



ئەفلاتۆن

دەرخستنەی ئەفلاتوون , لەقاڵبی وێناکردنێکدا بەرجەستە دەبێ کەزیاتر ئەوە لە پانتایی و بواری ئەدەبیاتدا جێدەکاتەوە تا فەلسەفە بە کورتی ئەفلاتوون روونی دەکاتەوە کە مرۆڤەکان زیاتر وەك بڵێی لەئەشکەوتێك (ژێر زەمینێك)ی تاریکدا دەژین , ئەو دەڵێ کە ئێمە (لەنێو ئەو ئەشکەوتەدا) بە زنجیر بەستراوینەتەوەو روخسارمان ڕووەو دیوارێکی رووت و بەتاڵە و لە پشت سەرمانەوە , ئاگرێك کراوەتەوە , هەموو ئەوەی کە ئێمە دەیبینین , سێبەری جووڵەداره کەلەسەر دیواری ئەشکەوتەکەدا بەدی دەکرێ و ئێمە ئەو سێبەرانە بەشتی واقیعی یا(راستەقینە) لێکدەدەینەوە لە نێو ئەشکەوتەکە رابکەین , دەتوانین ئومێدەوار بین کە رۆشنایی راستی واقیعیەت یا(حەقیقەت) ببینین, بەزمانێکی فەلسەفیتر , ئەفلاتوون لەو باوەڕەدا بوو کە هەرچیەك ئێمە لە ئەزموونی ڕۆژانە و دەوروبەری خۆماندا, تێیدەگەین, پێڵاوەکان, کەشتەیکان, ئەو مۆمەی بۆ مۆر و مۆمکردن بەکاردەهێندرێ و مرۆڤگەلی بێتام و هیچ ناو پاشاکان– تەنها دیمەن و روخساری رواڵەتین نەك (بوون) واقیعیەتی راستەقینە , دنیای ئایدیاکان یا دیمەن یا (وێنە)ن کە ئەو

ڕواڵەت و جیلوانە لەوێوە سەرچاوە دەگرن, بەمپێیە دەشێ بڵێین کە ئەسپێکی رەشی دیاریکراو , جیلوە یاڕواڵەتی خۆی لە ئایدیا یا نموونەی گشتی ئەسپ و نموونەی دەشێتی وە دەست دێنێ , جیهانی مادی کە ئێمە بە یارمەتی هەستی خۆمان دەرکی دەکەین بەشێوەیەکی گشتی , مایەی گۆڕانە لە جیاتیدا چوارچێوەو کەوشەنی گشتی ئایدیاکان , کە عەقڵ دەرکی دەکات , لە گۆڕانە هاتوو و هەمیشەییە , هەر ئایدیا یا نموونەیەك وەکو ئایدیای گۆییبوون, مرۆڤ, رەنگ, جوانی ونموونەی لەو جۆرە وەك ئولگۆ یا سەر مەشقی شتە بچوکەکانی جیهانن , بەڵام شتە بچوکەکان , ناتەواوی ناتەواون و کۆپی بەردەوام لە گۆڕانی ئەو ئایدیا گشتیانەن , ئێمە دەتوانین بە بەهرەگیری لەبەشی ئەقڵانی رۆح , تێڕوانینی خۆمان سەبارەت بەو ئایدیا گشتیانە چاکسازی و هەموار بکەین و کەم کەم بگەینە دەرککردنی باشتریان, بەم تەرزە , ئەو توانایە پەیدا دەکەین لە واقیعیەت یا حەقیقەتی بنچینەیی رۆشنایی رۆژ, کەلەودیو ئەشکەوتی تاریکی جیهانی رۆژانەی ئێمەدا نزیك ببینەوە ,قەڵەمڕەوی ئایدیا گشتیەکانی خاوەنی زنجیرەیەك پایەیە کە لەدیمەنی بچوکتر (لەپایەی نزم)دا دەست پێدەکاو بە ئایدیای ئەبستراکتی باشتر (لەپایەی بەرز)دا لە سەرووی هەموویاندا ئایدیای چاکە بەدی دەکرێت کۆتایی دێت , ئەو کاتەی فێر بووین روولە جیهانی هەمیشە لە گۆڕانی بەشەکان (جزئیات) وەرگێڕین وسەرنجی خۆمان بدەینە حەقیقەتی هەمیشەیی ئایدیاکان ئەوکات تێگەیشتنمان ئەو توانایە پەیدا دەکات کە هێواش هێواش بەپلیکانەی زنجیرەی پلە و کاستەکانی ئایدیاکاندا هەڵگەڕێ تا بگات بەبەرزترین پلەی دەرك ,واتە دەرکی عیرفانیی ئایدیای جوانەکان حەقیقەت و دواجار ئایدیای چاکەکاری , ئەو پرسە ئێمە بەرەو فەلسەفەی ئەخلاقی ئەفلاتوون رێنوێنی دەکات بەبایەخ و سەرنجدان بە جیهانی بەشەکان , دوایین شتێ کە دەتوانین بەدیی بکەین , چاکەی ڕواڵەتییە , تەنها بە یارمەتی ئەقڵە کە ئەو توانایە پەیدا دەکەین بەرچاو روونییەکی تەواو دەربارەی ئایدیای چاکەکاری -کە پلەوپایەیەکی بڵند تری هەیە- وە دەست دێنین , لێرەدا ئەفلاتوون ئەخلاقێکی جێگیر لەسەر بنەمای رۆشبینیی روحانی بانگەشە دەکات ,نەك هیچ جۆرە پرەنسیپێکی رەفتاریی دیاریکراو , جگە لەوە تیۆری ئایدیاکانی ئەفلاتوون , بەهۆی بێ بەهرەییلە (خەسڵەت) ی پراکتیکیانە (Practicality) کەوتۆتە بەر رەخنە , گوتراوە کە بەپێشتبەستن بە قسەی خودی ئەفلاتوون , هەموو ئەوەی ئەو وێنای دەکات , تەنها ئایدیای جیهانە نەك خودی جیهان , هەندێکیتر , وای ڕادەگەیەنن کە جیهانی ئایدیاکانی ئەفلاتون , تەنها لە زەهندا هەیە و پەیوەندیکی زۆر کەمی بەو جیهانەوە هەیە کە ئەو ئایدیایانەی لێوە بەرهەم هاتوون , لەلایەکی دیکە , سروشتی لەبنچینە بەزر یان سروشتی فەلسەفە , ئەو تواناو قابلیەتەی هەبوو کە زۆرێك لە ئەندێشەکانی , دواتر ببنە مایەی پەسەند و قبوڵی مەسیحیەت, وەك نموونە , تیۆری ئەفلاتوون لەبارەی دروستبوونی جیهان , لەگەڵ ریوایەتی دروستبوون (خلیقەت) لەروانگەی یەهودی -مەسیحی هاوارو هاوشێوە بوو, بەقسەی ئەفلاتوون "باوك و دروستکەر, ئافەریدەیەکی زیندوو و جووڵەداری لە شێوەی خوایانی نەمر دروستکرد, کاتێ کە ئەو سەیری ئەو ئافەریدەیەی کرد , زۆر شادمان و دڵخۆش بوو و وای بەباشزانی تەنانەت زیاتر لە ئەسڵەکە بچێت , لەو رووەوە کە ئەسڵ (یاسەر مەشق)ی ئەو ئافەریدە نەمرو هەمیشەیی بوو, هەوڵیدا تا دەکرێ جیهان نەمرانە دروست بکات, بەمشێوەیە, دیمەنێکی جووڵەداری لە نەمریدا ئافراند, ئەوکات کە ئەو ئاسمانی چێکرد,ئەو دیمەنەی, نەمرانە, بەڵام جووڵەدار و هاوجووت لەگەڵ ژمارەکاندا دروستکرد . ئەمە جیاوازە لەگەڵ نەمریدا کە تاقانە و بێ جووڵەیە, ئەو دیمەنە جوڵەدارە, هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە پێی دەڵێین زەمان ". ئەوەی کەلەو تابلۆیەدا دەردەکەوێ , تاڕادەیەك هاوشێوەی دەنگدانەوەی ئەبستراکتە لە (سفری دروستبوون )ی (تەورات), ( کەنزیکەی هەشت سەدساڵ بەر لە چەمکی فیساگۆرس کە ئەو تابلۆیە سەرچاوەی لێوەگرتووە , نووسراوبوو ) لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەرخستنەی کە ئەفلاتوون لێرە لە زەمان دەیخانە روو ( دیمەنێکی جووڵەدار لە نەمری ) باڵاتر لە دەرخستنێکی ئاییني قووڵ ( وزیاتر لە دەرخستنێکی بێ ئەندازە جوان )ە , ئەو دەرخستنە تیۆرێکی فەلسەفی ناوەڕۆکدار پڕ بەها یە, دەرخستنی ئەفلاتوون لە زەمان " کات" بەشێوەیەکی مایەی قبوڵ, جیهانی ژمارەیی بەشەکان کە ئێمەی تیادا دەژین , لەگەڵ یەکێتی هەمیشەیی جیهانی ئایدیاکان پێکەوە دەبەستێتەوە , کات " زەمان" هەمیشە یەکێ لەئاڵۆزترینی

چەمکەکان بووەکە فەیلەسوفەکان سەروکاریان لەگەڵدا هەبووە, ئەمەو ئەو چەمکە لەو چەمکانەیە کە کەمترین سوود و قازانجی هەبووبێ, هەموومان دەزانین زەمان چییە و زەمان ئەوە لەو لاوە بوەستێ کە ئێمە چی لەبارەوە دەڵێین , بێ راوەستان لەرەوت و رەودایە, هەموومان پێمان وایە کە دەزانین زەمان چییە, بەڵام بەرادەیەك دژوارە سەختە کە بەگوزارشت و دەربڕینیکیدا وێنای بکەین کە بێ مانا ( بۆ نموونە : " زەمان بریتیە لەبەردەوامێکی" یا بێ ناوەڕۆك و بێ مایە ( بۆ نموونە: زەمان لە رووبارێك زیاتر نییە کەمن بۆ راوە ماسی دەچمە نێویەوە " _تارۆ_ شاعیری ئەمریکای ) نەبێت .


ستالین

دەرخستنی ئەفلاتوون (سەبارەت بە زەمان) , وێناکردنێکی شاعیرانەو فەلسەفی دەستی یەکەمی بوو کە نەك هەر کۆکبوو لەگەڵ أتیۆری ئایدیاکانی ئەو" بەڵکو جگەلەوە وەکو کۆڵەگەی بنچینەیی بەشە بچوکەکانی ئەو تیۆریەی پێکەوە پەیوەست دەکردو یەکپارچەی دەکرد, بەرجەستە بوو و دەرکەوت (ئەو دەرخستنە " چەرخێکی بەجێ و وورد " ناودێرکراوە کە " جووڵەکەی هەموو بەشەکان وەك گشتێك دەخاتە جووڵەوە ." بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا, ئەو وێنا میکانیستیو تیژبینانە, وردبینانە نییە, چونکە جیهانی ئایدیا ئەبستراکتەکان, جووڵە و گۆڕان لە خۆناگرێ و بەدەستی زەمان, ناکەوێتە جووڵەوە ).

لەرۆژگاری ئەفلاتوونەوە تا ئەمڕۆ , ژمارەیەك بەپەنجەی دەست دەژمێردرێ, دەرخستنێکی جیاوازیان لەبارەی (زەمان) خستتۆتە بەردەست ,حەفت سەدە( لەرۆژگاری ئەفلاتوونەوە) تێپەڕی تا ئەوەی (ئەگوستین)ی کەشیش, تیۆرێکی خستەڕوو کە لەهێزو بەرجەستەییدا, هاوتای تیۆری ئەفلاتوونبوو, بەبڕوای ئەو, زەمان تەنها رووی زەهنی بنەڕەت (subjective) یا زەهنی دیدی ئێمەیە بۆ جیهان , ئەو تێورە لە بنچینەدا هەمان تیۆری ئەفلاتوونە کە سیمای دەروونی یا زهنی بەخۆوە گرتووە, لەماوەی پازدە سەدەکە لە رۆژگاری کەشیش ئەگوستین تێپەڕیوە , تەنها هەر دەرخستنی کانت سەبارەت بە زەمان, هاوشێوەو هاوسەنگی تیۆری کەشیش ئەگوستنە" ئەو دەرخستنەش خەسڵەتێکی زەهنی هەیە ( ئەمە لە: کاتێکدا کە بە روونی وا پێدەچێ کە زەمان ئاوا نییە ) کانت لەبنەڕەتدا لەو باوەڕەبوو کە زەمان بەشێکە لە دەزگای تێگەیشتنیدا (ادراك) ی ئێمە کە لەرێگەی ئەوەوە , جیهان ودەرك دەکەین .( دەزگای تێگەیشتنی ئێمە وەکو چاویلکەیەکە کە هیچ کات لەچاوی خۆمانی ناکەینەوە ). لەگەڵ ئەم هەموشدا , ئەوە دەرخستنی ئەفلاتوونە کە هێشتا لە هەموو تیۆرێکیتر زیاتر , لەگەڵ تازەترین تیۆرەزانستیەکانی بواری (زەمان)دا پێشبڕکێ دەکات (ئەوکاتەی کە ( دروستکەر) (واتە پەروەردگار) ئاسمانی خستەسەرپێ, ئەوا وێنای نەمرانە , بەڵام جوڵەدار بەپێی ژمارەکان دروست کرد), بەواتایەکیتر زەمان و جیهان , هاوکات دروست بوون , ئەو قسەیە لەگەڵ تیۆری " تەقینەوەی گەورە( Big Bang ) تیۆرێك کە بەگوێرەیەوە , تەقینەوەیەکی گەورە بۆتە هۆی فۆرمەڵەبوونی جیهان "و .ف") کۆکە" تیۆرێك کە دەڵێ ئێمە ناتوانین لە (پێش) تەقینەوەی گەورە قسەبکەین " چونکە لەو کاتەدا " زەمان" یك لەکاردا نەبووە , زانست و فەلسەفە ئەو رێگایەن کە لێیانەوە لە جیهان بروانرێ کە لەبنەڕەتدا لەگەڵ یەکتر جیاوازن : ئەم دووانە (واتە زانست و فەلسەفە) بێ چەندو چوون لەیەك جیان, وەك چۆن (برناردۆ ماندویل)

دەڵێ "یەکێك لەگەڵ ئەوەی کە هەیە سەروکاری هەیە و ئەوەی دی دەپرسێ بۆچی وەهایە " بەم پێیە, ئەوکاتەی کە زانست و فەلسەفە پێکەوە سازان‌و ڕێککەوتن, هەمیشە دڵنیاکەرانەیە, کاتێکیش کە فەلسەفەی جێی باس, پەیوەست بێ بە قۆناغێك لە زانست کە تیایدا بەهێزترین فۆرمی ئەنێرژی جووڵەدار (هێزیکار) ی کۆیلەکان بوو, تاکە کارێك کە بشێ بکرێ, ئەوەیە کە پەنجەی سەرسوڕمان بگەزین .

ئەفلاتوون ئەو دەمەی لە "سیسیل" بەسەری دەبرد , دۆستایەتێیکی گەرم و دڵسۆزانەی لەگەڵ " دیون" , ژن برای " دیونوسیوس" فەرمانڕەوای سیراکوس پەیدا کرد, دیون, دۆستە تازەکەی خۆی بردە لای "دیونوسیوس", ڕەنگە بەو ئومێدە بۆ ئەوێی برد بێ کە پۆستێکی وەکو فەیلەسوفی نیشتەجێی دەربار بۆ دەستەبەر بکات, بەڵام ئەفلاتوون هەرچەند گەشت‌و گوزاری زۆری بۆ گۆشەوکەناری دنیا ئەنجامدا بوو , تاڕادەیەکی زۆر هێشتا هەروەك ئەرستۆکراتێکی ئەسینایی مابووەوەو دابو نەریتی تەنگ بینانەی دەرباری "سیراکوس"ی نەکەوتە بەردڵ و سەرنجی ڕانەکێشا, دیونوسیوس پلەدارێکی لەشکری و فەرماندەیەکی زۆردار بوو کەلە ئەدەبیشدا خۆیی بە ئەدیبێکی بەرزە فڕ دەزانی‌و پێیوابوو یەکێك لە دوولە هاوسەردەمەکانی خۆیەتی, ئەو دوو ژنی بەناوەکانی " دوریس"و "ئاریستوماخ"بەیەك ڕۆژ خواستن و کردنیەبووکی یەك شەو پێکەوە هاونۆێنی دەکردن, کاتێ ئەفلاتوون هاتە نێو کوڕی دانیشتنی ئەوێ, واپێدەچێ ڕەوشەکە ئارام بووبێ بە لەبەرچاوگرتنی وێناکردنی ئەوەوە ڕەوش و بارودۆخەکە زۆر خۆشتر هەستی پێدەکرا" تەنانەت ئەگەر ئەو (بشڵێ) " زەوق و سەلیقە و پەسەندکاریەکانی کۆمەڵگەیەکی عەلاقەمەند بە خواردنی ئێتاڵیاییدا, هیچ شتێکم نەبینی کە من ڕازی بکات" جێیەك کە بەختەوەری وا لێکدەدرایەوە کە ڕۆژی دووجار تارەپ دەبێ خواردن بخۆی و شەوان هەرگیز بە تەنێ نەخەوی" . وەك دەردەکەوێ , ئەمانە بەلای ئەفلاتوونی تەمەن چل ساڵ شتگەلێکی زۆر پڕوپووچ و ماندووکەرانە بوون, ئەفلاتوونێك کە سەختگیریە ئەسینایییەکەی هەرزوو تووڕەیی دیونوسیوسی وروژاند, دیونوسیوس لەسەرەتای تەمەنیدا, لەپۆستی نووسەریی لە دەزگای ئیداری دەوڵەتدا دەستی بەکارکردبوو, بەڵام هەر لەو دەمەدا توانی دەروشاوەی شیعری تیا بەرجەستەو بەرچاو بوو, ناوبراو دواتر پلە سەربازیەکانی یەکبەدوای یەکدا بڕی بوون و لەهەمان کاتدا, چەند تراژیدیایەکی بەشیعرهۆنیبوونەوە کەبەهایەکی بێ هاوتایان هەبوو (وەك هەموو ئەفسەرانی بەر فەرمانی ئەوگەوا هی ئەوە دەدەن) دیونوسیوسی دوای گەیشتن بەدەسەڵات بەزنجیرەیەك (فتوحات)ی دڕاندنە, سیراکوسی بۆ بەهێزترین شاری یۆنانی لەرۆژئاوای ئیتاڵیا گۆڕی , ئەسینایییەکان , بۆ ئەهەموارکردنی پەیوەندیی "دیپلۆماتیکیانە", "دیونوسیوسیان" دڵنیاکردەوە کە شانۆنامەکەی لەژێر ناوی (فدیەی هیگتۆر) لە فیستڤاڵی لێنا خەڵاتەکەی بۆ خۆبردووە , دیونوسیوس لەو کەسانە نەبوو لە خۆی بوەشێنێتەوە مل بۆ پیاوێکی سەرخڕی فەیلەسوف کەچ بکا کە هەوڵیدەدا پۆستێك لە دەربارەی ئەو بۆ خۆی وە دەست بێنێ , کاتێ: کە ئەو و ئەفلاتوون کەوتنە باس و مشتومڕی فەلسەفی , یەکسەر یەکەمین پروشکەکان ئاشکرابوون , ئەفلاتوون لە کاتی مشتومڕدا لە شوێنێك بینی ناچارە هەڵەیەکی ئەندێشەی دیونوسیوس باس بکات و لەو هەڵەیە ئاگاداری بکاتەوە , دیونوسیوس بە نەفرەت و بێزاریەوە هاواری کرد" وەك پیرێکی خەڵەفاو قسەدەکەیت ". ئەفلاتوون لە وەڵامدا گوتی:" تۆش وەك فەرمانڕەوایەکی ستەمکار قسە دەکەیت" , ئێنجا دیونوسیوس بڕیاریدا بەپێی دەربڕینی فەیلەسوف ڕەفتاربکا و فەرمانیدا کە بە زنجیر بیبەستنەوە , ئەفلاتوون خرایە نێو کەشتییێکی (ئەسپارتی) کە بەرەو " ئەگینا" دەچوو : جێیەك کە فەرمان بە کەشتیوانەکە درا بوو ئەفلاتوونی تیادا وەکو کۆیلە بفرۆشی . دیونوسیوس بە کەشتیوانەکەی گوت : " نیگەران مەبە , ئەو بەئەندازەیەك فەیلەسوفەکە تەنانەت ناشزانێ "هەندێ سەرچاوە, ئەوە دەڵێن کەلەو کاتەدا, ژیانی ئەفلاتوون کەوتۆتە مەترسیەوە" بەڵام ئەو ڕاستیەی کە ئەو بۆ ئەگینا ڕەوانەکرا, لەخۆگری شتێکی‌ترەو ئەوەنیشاندەدا کەلەوانەیە ئەو دوورگەیە زێدی لە دایکبوونی ئەفلاتوون بووبێ نەك ئەسینا, گەڕاندنەوەی ئەفلاتوون بۆ زێدی خۆی وەکو کۆیلەیەك تەواو ئەو جۆرە سووکایەتیپێکردنەبوو کە بۆ دیونوسیوس تام و چێژی خۆی هەبوو, جگە لەوە دیونوسیوس دەیتوانی کەم وزۆر دڵنیابێ کە دۆستێکی دەوڵەمەندی , ئەفلاتوون بناسێتەوە بیکڕێ و بەمشێوەیە (خۆی), ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئاکامی خراپی دیپلۆماتیکیانەی ئەو کێشەیە لەپەیوەندیەکانی لەگەڵ

ئەسینادا، نەخشەکەی دیونوسیوس , تەواو وەك خۆی داینا بوو هاتەدی , ئەفلاتوون تووشی ترس و هەراسێکی پڕ ئازار بووەوە ,(بیرکردنەوە لەوەی کە ناچار بێت بۆ بوونەوەرێکی زیندوو کاربکەیت , بەس بوو بۆ ئەوەی کە دڵی هەر فەیلەسوفێکی راستەقینە بخاتە لەرزەوە) زۆری پێنەچوو کە دۆستی دێرین و دەوڵەمەندی ئەفلاتوون "ئانیکریس کورنایی" , ئەفلاتوونی لەبازاڕی کۆیلە فرۆشانی ئەگینا دۆزیەوەو بە نرخێکی هەرزانی بیست (مینە MINE, یەکەی دراوی یۆنان) ئەوی کڕی، ئاینکریس ئەوەندە لەدیتنی فەیلەسوفی هەرزان فرۆشی خۆی , شادمان بوو کە ئەوەی بەپارەوپوولێکی تەواو بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەك رەوانەی ئەسیناکردەوە, ئەفلاتوون ساڵی (٣٨٦)ی پێش زایین , پارچە زەوییەکی لەباخی ئەکادیمیا کڕی, ئەو شوێنە کەوتبووە , یەك میل باکوری رۆژئاوای ئەسینا (یا لەو دەوروبەرە) و ئەو دیو دەروازەی ئەریای , لەنێوان دیوارەکانی شاری کۆندا , باغی ئەکادیمیا , فەزایەکی سەوزە بوو کە لەم لاو ئەولایدا درەختەکان باڵایان بۆ ئاسمان بەرزببووەوەو لەژێر سێبەری ئەو درەختانەدا پەیکەرو پەرستگە ئارامیان گرتبوو, لێرەدا لەنێو ئەو رێو بانی و گوزەرگا فێنکانەی باغ و جۆگە و جۆبارە نەجوا گەرانەدا , ئەفلاتوون ئەکادیمیایەکی بنیاتناو دەستەیەك پەیرەوکارو موریدی لەدەوردا کۆبوونەوەکە بەپێچەوانەی چاوەڕوانی چەند ژنێکیش دەبیندران لە نێویاندا "ئەکسیوتیا"بوو کە وەکو پیاوان جل وبەرگی دەپۆشی ئەکادیمیا دەکرێ بە یەکەمین زانکۆ دابندرێ , باغی ئەکادیمیا کە ئەفلاتوون لەوێدا ئەکادیمیایەکی بنیاتنا (فێرگە) ی (ئەو) , ناوی خۆی لەوەوە وەرگرتووە ) بەهۆی نیشتەجێی کەسێکی پێشترەوە , ئەو ناوەی بەخۆدەگرت : ناوی ئەو کەسە (هەکادیمۆس) , قارەمانی نیمچە خوای گومنا و لە ئەفسانەی (ئاتێکی) بوو. بەرهەمم داهێنانی گرنگی هەکادێمۆس ئەوە بوو , کە لێرەدادوازدە درەختی زەیتوونی چاندووە کە بریتیبوون لە لقە نەورەسەکانی درەختی زەیتوونی پیرۆزی ئەسینا لە ئاکرپۆلس. بەمشێوەیە , کاتێك ئەفلاتوون ئەو شوێنەی هەڵبژارد ئەوەی لێکەوتەوەکە تا ئەمرۆکەش لەسەرانسەری جیهانی شارستانیدا یادی ناوی هەکادیمۆس دەکرێتەوە و گوزارشتی ئێمە لەناوی ئەو خەمڵاندن و رازاندنەوەی هەموو شتێك بێت : لە کۆلێژە حسابدرایەکانەوە بگرە تا سینەماکان , یەکێك لە تیپەوەرزشیەکانی تۆپی پێی سکۆتلەندی وخەڵاتە ساڵانەییەکان بۆ کەسانی نیمچە خوایی هاوشێوە کە دەستکەوت و بەرهەمی گومناویان هەبووە, ئەمرۆکە باغی ئەکادیمیا , پارچە زەوێیکی وشك وبرینگ و پان و بەرینە لە باکووری رۆژئاوای ئەسینا " جێیەك کە بەشەکانی ناوەوەی شار , بەشێوەیەکی ناهەماهەنگ و ناهاوسەنگ, لە دەوروبەری شاردا پەیتا پەیتا لە فراوانبووندان , ژێر درەختەکان, رۆحی ویستگەکانی ئوتوبووس ,بەردە پەرش و بڵاوبووەکانی سەردەمی کۆن , گۆفەکی زبڵ وخاشاکی ماڵان




کە لێك لێکەروو دەکرێنە سەر یەك و چەند کورسی و تەختەی لەسەر دانیشتن کە رووکرای سەرەوەیان بە دروشم و نووسینی هەمە جۆرە داپۆشراوە , بەرچاو دەکەون , شوێنی

ئەكادیمیا ئەفلاتوون و ئەو ماڵەی كە ئەوی تێداژیاوە , دەتوانین بڵێین بە دڵنیاییەوە بۆ هەمیشە لەنێو چوون , سەیر ئەوەیە كە خانووەكەی هەكادێمۆس هێشتا هەر لە جێی خۆی ماوە , ینمچێك لە "ئەرزیر" (كە مادەیەكی فلزیە و لەزیونەرمتر وەك) كە دێرینەناسان بۆ پاراستن دروستیان كردووە , دەتوانی بەردی دیوارەكانی خانووەكە كە لە مادەیگڵی سووركراوەن و خزاونەتە بەردیدەی بینەران و هەروەها پاشماوەی دیوارەكانی لەخشتی گڵ دروستكراون,تەماشا بكەیت " ئەو پاشماوانە كەلەكاتی دامەزراندنی ئەكادیمیا بەدەسەتی ئەفلاتوون نزیكەی دووهەزار ساڵ دەبوو دروست كرابوون , واپێدەچێ كە هەكادێمۆس خاوەنی توانستێكی سەیرو نەمرانە بووبێت.

لەونێوەدا , دروست ئەو دیوە زەویە ڕەقەنەكە ئوردوگایەكی نوێی هەبوو كە هەلومەرجێكی تیادا بەرقەراربوو ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەڵ هەلومەرج و ڕەوشی خانووی پێش مێژووی هەكادێمۆس , دوای پتر لە چوار هەزار ساڵ هێشتا وەك خۆی ماوە , منداڵانی ئاوارەكە سەریان تاشراوە , لەنێو شوێنەكانی نیشتەجێ بوونیان كە وەكو ژوورۆچكەی لە مقەبا دروستكراو لەنێو گۆماوی ئاوی وەستاو , لەژێر تیشكی گەرمەوداغی هەتاو, لەژێر شرغەی مێشوولاندا, سەرگەرمی یاریكردنن و لەهەمان كاتدا, دایكەكانیان كەلەچكیان بەسەرەوەیە, بەشێوەی بازنەیی لەنێو زبڵخانەكاندا دانیشتوون و شیر دەدەنە زارۆ رووت و ڕەجال و ڕەش و شین دا گەڕاوەكانیان . " دادگەری چییە؟ " ئەفلاتوون ئەم پرسیارە لە " كۆمار" بەناوبانگترین بەرهەمی خۆیدا , دەخاتە ڕوو , ئەو لەو هەڤپەیڤینەدا , سوقرات و كۆمەڵێك كەسیتر بۆ نانخواردن لەماڵی ئەرستۆكراسیانەی یەكێ لە خاوەن پارەو زێرو زیوەكان كە ئەو دەم خانەنشین ببوو كۆدەكاتەوە, كاتێك كە سوقرات جڵەوی ئاخافتن دەگرێتە دەست , ئامادەبووانی كۆڕەكە , لەسەر ئەو خاڵە ڕێككەوتوون كە هەوڵدان بۆ پێناسەكردنی دادگەری ئەنجامێكی نییە، مەگەر ئەوەی كە ئەوباسە لە بوارو بیاڤێكی فراوانتر, واتە لە كۆمەڵگەدا پێناسە بكەین , بەمشێوەیە سوقرات دەست بەكار دەبێ تا تێڕوانینی خۆی لەبارەی كۆمەڵگەیەكی خاوەن دادگەری شیبكاتەوە, بەگشتی پەیڤەكانی هەوڵ كە بەپێنووسی ئەفلاتوون نووسراون , بەڵام ئەستێرەكەیان سوقراتە, بەبیرو ئەندێشەكانی سوقرات دەزاندرێن ئەو ئەندێشانە لە پەیڤەكانی قۆناغی ناوەڕاست و قۆناغی دواییدا, گۆڕانیان بەسەردا دێ و ئەو ئەندێشانەی كە سوقرات لەوبەرهەمەدا دەیانخاتەروو, بەهی ئەفلاتوون لێكدەدرێنەوە (كۆمار) باشترین هەڤپەیڤینە لەنێو هەڤپەیڤینەكانی قۆناغی ناوەڕاست و ئەفلاتوون (لەو بەرهەمەدا) لەكاتی خستنەڕووی ڕێنوێنی و ڕێچارەكان بۆ كۆمەڵگەیەكی دادگەرانە ئەندێشەكانی خۆی لە بواری بابەتگەلی پڕ ڕەهەندو فراوانی وەكو ئازادیی دەربڕین, فێمنسیزم, كۆنترۆڵكردنی زاوزێد, ئەخلاقی گشتیو كەسی، ئەوەی پەیوەست دەبێ بەدایك و باوكمان (Parenthood) دەروونناسی پەروەردەو فێركردن, خاوەندارێتی گشتی و تایبەتی و زۆربابەتی دیكە دەخاتەڕوو, ئەو بابەتانە دروست لە هەمان ئەو جۆرە بابەتانەن كە لەمیواندارێیكی نانخواردنی ئاوا دڵگیردا زەحمەتە بتوانی باسیان لێوە نەكەین و خۆ لە قسە لەسەر كردنیان ببوێری, بەڵام هەر زوو ئەوە تێبینی دەكەین كە " كۆمار" میواندارێیكی دڵگیر نەبووە و ئەو كۆمەڵگەیەشی كە پێشنیازی دەكرد, ئەوەندە نەدەكەوتە بەردڵ , دەتوانین بڵێین هەموو تێڕوانینەكانی ئەفلاتوون لە بواری بابەتە باسكراوەكان, زۆر جیاواز لەو بیروباوەڕانەی كە لەم ڕۆژانەدا هەمووان جگە لە كەسانی زۆر دەمارگیر و كەم سەلیقە باوەڕیان پێی هەیە , لە كۆماری ئایدیالی ئەفلاتووندا, نەهەواڵێك لەپارەو دارایی هەیە و نە لە ژن و مێردایەتی (مەگەر لەنێو چیینە هەژارەكان,كە ڕەنگە هەر تەنها ئەوانە ئەو خەڵكە بن شایستەی ئەو شتانەبن ) منداڵان , یەكسەر دوای لەدایكبوون , لەدایكەكانیان وەردەگیرێن و بەشێوەیكی سۆسیالیستیانە , دەخرێنەبەر پەروەردە و فێركردنەوە, بەمشێوەیە, ئەوان دەگەنە شوێنێك كە وڵات (كۆمەڵگە و دەوڵەت , حكومەت ) وەكو دایكو باوكی خۆیان بزانن و هەموو هاودەم و هاوتەمەنەكانیان , دەبنە براو خوشكی ئەوان , تا تەمەنی بیست ساڵی وەرزش و مۆسیقای وروژێنەرانەیان فێردەكەن (هیچ چەشنە مۆسیقایەكی ئەیونیایی یالیدیای ڕێگەی پێنادرێ و تەنها مارشە سەربازییەكان بۆ گۆشكردنی ئازایەتی و ئەڤینی نیشتمان ڕێگەپێدراون ) هەموو ئەمانە, مرۆڤ دەخەنە بیركردنەوە دەربارەی سەردەمی منداڵێتی خودی ئەفلاتوون, لەپێش ڕاستكردنەوەی ئەم قسەیەدا (دیوگنس لایوتیوس) ئێمە

ئاگاداردەکاتەوە کە باوکی ئەفلاتوون ," عەشقێکی سووتێنەرانە"ی بۆ دایکی ئەفلاتوون هەبووە , بەڵام (( نەیتوانی ئەو بکاتە هی خۆی) ئەگەر چی ئەفلاتون بەئەگەری زۆر بەهێز و نزیك دڵنیایی, رۆڵەی مەشروعی دایك وباوکی بووە , بەڵام واپێدەچێ کە دایکی بەسەر مێردێکی تری هەڵبژاردبێ و ئەفلاتوون , دەتوانین بڵێین و دڵنیابین بەم تەرزە , رەنگە مایەی سەر سورمان بێت کە ئەفلاتوون سۆز و عەلاقەیەکی ئەوتۆی سەبارەت بە ژیانی خێزانی خۆی لە خۆدا هەست پێنەدەکرد لە (نموونە شار) ی ئەفلاتووندا , ئەوانەی کە لەبواری پەروەردە و راهێنانی جەستەیی و مۆسیقایی خۆیاندا, سوودێکی کەمیان وەردەگرت و دەرك و تێگەیشتینان کەم بوو, لە تەمەنی بیست ساڵیدا لەبێژنگ دەدران و لەوانی دی جیادەکرانەوە , ئەمانە بۆ ئەنجامدانی کاری نزمتری وەکو دابینکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگە لەرێی کشتوکاڵ و کەسایەتی رەوانە دەکران , لەونێوەدا , خوێندکارانی زیرەك و نموونەیی لەدرێژەی (خوێندنی خۆیاندا) بۆ ماوەی دەساڵ, سەرقاڵی خوێندن و موتاڵاکردنی بیرکاری, ئەندازیاری و ئەستێرەناسی دەبن , دەستەیەکی تر لەشکستخواردووەکان کە ماتماتێك مێشکیانی تێکداوە بۆ کاروباری پاسەوانی و پاراستن دەنێردرێن , ئێستا تەنها هەر بژاردەکان دەمێننەوە , ئەوان بۆ ماوەی پێنج ساڵ , واتە تا تەمەنی سی وپێنج ساڵی بوار وەردەگرن کە شانازیی مەزنی موتاڵاکردنی فەلسەفەیان پێببڕێ , ئەوسا لەماوەی پازدە ساڵ, بەوردبوونەوەو شرۆڤەکردنی کاروباری ژیانی مرۆڤەکان لەجیهانی خاکیدا , بەشێویەکی زانستی کاری حکومەت و وڵات بەڕێوەبردن هەڵدەسەنگێنن , لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا ئەمانە بە شایستەی فەرمانڕەوایی دەژمێردرێن ئەو فەیلەسوف فەرمانڕەوایانە, لە نیشتەجێگەی گشتی و هاوبەشدا پێکەوە بەسەر دەبەن و لەوێدا هیچ چەشنە دارایییەکی تایبەتیان نییە و ناتوانن بەوشێوەیەی کە دڵپەسەندیانە, هاوباوەشی سێکسیان هەبێ , یەکسانیی تەواو لەنێوان پیاوان و ژناندا بەقەرارە (هەرچەندە ئەفلاتوون لەهەڤپەیڤینێکی تردا , بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراودەڵێ((لە حاڵەتێکدا کە رۆح , لەماوەی دیارکراوی خۆیدا لەبوونی پیاوێکدا نەتوانێ بە چاکی بژی , دەچێتە نێو جەستەی ژنێکەوە )) ئەو بژاردانە , بەوشێوەیە بەدرێژەدان بەژیان بەشێوەیەکی هاوبەش و نەبوونی هیچ چەشنە بەرژەوەندێیکی تایبەتی شەخسی, بەبەرتیل خواردن ئاڵوودە نابن و تەنها ئامانجیان, بریتی دەبێ لە دابینکردنی دادگەریی لەکۆمەڵگەدا , سەرۆکی حکومەت , فەیلەسوف , فەرمانڕەوا , لەنێو ژمارەیەکدا هەڵدەبژێردرێت . ئەو چەشنە سیستمە تەنانەت بۆ دەوڵەتە شارە نموونەییە بچووکەکان ( " لەمەودای ٩ میل لە دەریا ") کە ئەو سیستمە سەرلەبەر بۆ ئەوان لەبەرچاوگیراوە وەك کارنامەیەکە کارەساتبار خۆی دەنوێنێ لەباشترین حاڵەتدا , ئەو نموونەشارە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە بێزارکەرە " چونکە هەموو شاعیران , شانۆنامەنووسان و ئەوانەی کە جۆرە نادروستەکەی مۆسیقا دەژنن , هەروەها پارێزەرانی داکۆکیکار و یاساناسان تیایدا مافی بەشداری و ئامادەبوونیان نییە , لەخراپترین حاڵەت , نموونەشاری ئەفلاتوون بریتییە لە کابووسێك لە خۆپەرستی کە بەخێرایی هەموو شێوازە ناپەسەند باوەکان کە بۆ پاراستنی وەها سیستمێکی نامرۆڤانە پێویستن لەخۆیدا دروست دەکا و پەرەپێدەدات , بەهۆی چاوبەدواداخشاندن و بیرکردنەوە , بەئاسانی دەتوانین هەڵەی ئەو خەیاڵپڵاویە راشکاوە , تێبگەی , تەنانەت وێناکردنی خوودی ئەفلاتوون , ئەو تووشی ژمارەیەك ناکۆکی دەکاتەوە (لە نموونە شاری ئەفلاتوون) دا شاعیران بێبەش و هەڵاوێرکراون " کە چی خودی ئەفلاتوون لە میانی پاسا و بەڵگەکاریەکانیدا، سوود لەزۆر وێنەودیمەنی شاعیرانەی پلە یەکەم وەردەگرێت، بەهەمان شێوە پەرستنی خواکان ئایین و ئەفسانەکانیش قەدەغە کراون " بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا , ئەفلاتوون خۆی چەندین ئەفسانە لەو بەرهەمەیدا(واتە لە کۆمار) جێدەکاتەوە و (( فەیلەسوف فەرمانڕەوایان)) زۆر سەیر لە کاستی* کەشیشان دەچن ئەفلاتوون هەروەها خۆی بە خوایەکی ئایدیالی دەناسێنێ " خوایەکی سەرسەخت کە پێویستە فەرمانی لێوەربگیرێ (وەك دەڵێ بوونی ئەو مایەی سەلماندن و دیاریکردن نییە). راستیەکەی ئەوەیەکە تێڕوانینی ئەفلاتوون لە کۆماری ئایدیاڵی , وەك دیارە بەتەواوی بەرهەمی رۆژگار خۆیەتی ماوەیەکی کەم پێشتر ئەسینا لە جەنگی (پلوپونزی)دا لەبەرامبەر (سپارت) شکستی خواردبوو , نە دیموکراسی کاریگەری هەبوو بوو و نەحکومەتی دیکتاتۆری وئەسینا، لەبەرئەوپەڕی رەوشی نالەباری خۆی پێویستی بە حکومەتێك هەبوو کە بتوانێ نەزم

و ديسپلين بەرقەرار بكات .(لەراستيدا , بەشێك لە

شرۆڤەكاران, واى بۆ دەچن كە ئەو كاتەى ئەفلاتوون قسە لە




دادگەرى دەكات , زياتر مەبەستى شتێكە كە پتر لە "چەمكى" ديسپلين و رێك و پێكەوە نزيكە نەك دادگەرى ) ئەفلاتوون واى بۆچووكە رێگاچارەى ئەو پرسە لە كۆمەڵگەيەكى تەواو كۆنترۆڵكراوى وەك ئەو كۆمەڵگەيەى كە (سپارت)دا بەرقەرار بوو, بەدى دەكرێ و دەست دەكەوێ , بەڵام سپارت , بەپێچەوانەى ئەسينا , كۆمەڵگەيەكى بێ فەرهەنگ و لەرووى ئابووريەوە دواكەوتوو بوو " كۆمەڵگەيەك كە بۆ مانەوەى خۆى ، ناچاربوو توێژێك لە كەسانى دڵڕەق و بێ مێشك بارێنيێ كە بێ چەندو چوون بڕيارو فەرمانەكان جێبەجيبكەن و دوا هەناسەيان نەبەر بكەن , كارى ئەو توێژە بەوشێوەيە بوو كە كەش و هەواى ترس و تۆقاندن لەنێو چين و توێژە هەژارەكانى دەوڵەتشار كە رۆژبەرۆژ نافەرمانتر دەبوون , بچێنن و چاوى دراوسێ پێشكەوتووەكانى سپارت كەلەرووى ئابووريەوە بە توانا بوون بشكێنن و ناچاريان بكەن ملكەچ بن , ئەفلاتوون يا ئاگاى لەو پرسە نەبوو ياخود حەزى لێنەبوو رەچاوى بكات , ئەفلاتوون بەبەگشتيكردنى تيڕوانينى ئەخلاقيى سادەدڵانەى سوقرات ((چاكەكاران خۆشبەختن)) لەوباوەڕەبوو كە ((تەنها زۆرداران چارەڕەشن )) كۆمەڵگەيەكى دادگەرانە بە زۆرە ملێ بنيات بنێ تا هەموو كەسەكان باش بن , بەڵام ئەفلاتوون چ شتێكى مەبەست بوو ؟ دروست تەرحێكى لەو جۆرانەى كە ئێوە لەبيرمەندێكى باوەڕدار بە پرەنسيپ و لێبڕاو كە لەباغى ئەكاديميادا خەڵوەتى هەڵبژاردووە , چاوەڕێ دەكەن , ئەو تەرحە هەرگيز پراكتيزە نەبوو , لەگەڵ ئەوەشدا سەير لەوەيەدا كە وەها تەرحێك يا شتێكى لەو چەشنە, پراكتيزە بوو ,بۆماوەى پتر لەيەك هەزار ساڵ , كۆمەڵگەى سەدەكانى ناوەڕاست , بە چينە هەژار و بێدەرەتانەكان , كاستى سوپاييەكان و كەشيشە دەسەڵاتدارەكانى خۆى , هاوشێوەييەكى بەرچاوى لەگەڵ كۆمارى ئەفلاتووندا هەبوو , لەسەردەمى نوێدا , كۆمۆنيزم و فاشيزم , زۆرێك لە تايبەتەمنديە بنەڕەتيەكانى كۆمارى (ئەفلاتوون) يان وەرگرت و هەڵبژارد.

ئەفلاتوون چەندين ساڵ درێژەى بە وانەوتنەوەدا لە ئەكاديميادا، ئەكاديمياى گەياندە ئاستى باشترين خوێندنگەى ئەسينا, ئەوسا لەساڵى ٣٦٧ ى پێش زانيين, لە(ديون) ى دۆستى گۆێبيستى ئەوە بوو كە ديونوسيوس, فەرمانڕەواى ستەمكارى سيراكۆس , مردووەو كوڕەكەى (واتە ديونوسيوسى دووەم) شوێنى ئەوى گرتۆتەوە , باوكى ديونوسيوسى دووەم , چەندين ساڵ كوڕەكەى خۆى زيندانى

کردبوو تا ڕێ لە هەرچەشنە ئارەزوویێك بگرێ کە دەنگ بێ کوڕەکەی بۆ جێگرتنەوەی بەر لەوادەی خۆی بکەوێتەسەری دیونوسیوسی کوڕ, کە لە کۆشکی پادشاییدا زیندانی بوو , بە هەوڵدانێکی سەخت پارچە تەختەی بەمشار دەبڕینەوە و مێزو چوارپایەی لێدروست دەکردن و بەوشێوەیە ڕۆژەکانی بەسەر دەبردن . بەقسەی دیون , دەرفەتێکی باش بۆ ئەفلاتوون فەراهەم ببوو , ئێستا ئیدی فەرمانڕەوایەکی ئایدیاڵ بۆ ئەفلاتوون بوونی هەبوو , تاکو ڕێورەسمی فەیلەسوف فەرمانڕەوایی فێربکات , زەهنی ئەو ئەندێشەیتری تێنەخزا بوو و ئەفلاتوون دەیتوانی کۆماری خۆی کەمەبەستی بوو بخاتەبواری کرداریەوەو پراکتیزەی بکات , ئەفلاتوون لەبەرهۆیەك ئەو ئاسۆ (Prospect) یەی بەپەسەند نەبینی (لەوانەیە ئەو نیگەرانـــــی مەوقیعیەتـــی پێرێکی ٦١ساڵە بوویێت کە لە کۆماری ئایدیاڵدا نیشتەجێ دەبوو , ئایا ئەویش دەبوا بۆ پەیوەست بوون بەریزی بژاردەکان , ناچار بێ مل بۆ ئەنجامدانی بەرنامە ڕێژکراوو درێژخایەنی وەرزش و مۆسیقای سەربازی بدات؟) بەمپێیە دواجار ,(( ترسی من لەوەی کە بەرزەفڕی و نەفسبەرزیی خۆم لەدەست بدەم و لەبەرچاوی خۆمدا ببمەکەسێکی شووم کە تەنها قسەدەکا و هەرگیز قسەکانی پراکتیزەناکات )) بووە هۆی ئەوەی کەلەبەرامبەر داوا و تکای برادەدەرەکەی خۆی , ڕازی ببێ و بەرەوسیسیل بکەوێتە سەفەرێکی درێژ , کاتێ کە ئەفلاتوون گەیشتە سیسیل , دەربارەی دیونوسیوسی دووەم ببووە مەکۆی پیلان و پیلانگێڕی , ژمارەیەك لە دەربارەیە دەسەڵاتدارو خاوەن ئوتۆرتەیکان ,ئەو (پیرە ) پۆشتەهۆشمەندەیان لەکاتی دیداری پێشووتری ئەوەوە , لەیاد مابوو و ژمارەیەکیان وەك دیار بوو گەرەکیان بوو ئازار و کێشە بۆ (دیون) یش دروست بکەن , لەماوەی چەند مانگدا ,ئەو دوژمنانەی فەلسەفە, کەوتنەکار و هەم ئەفلاتونو هەم دیوانیان بەخیانەتکرای تۆمەتبار کردن (داویکی هەمیشەیی بۆ ئەوانە کە پرۆژەی نموونەشاریان لەسەردابوو) لەسەرەتادا، فەرمانڕەوای دارتاش،نەیدەزانی چیبکات, ماوەیەك دواتر , ئەو کە لەدەسەڵاتی دیوان هەراسان ببوو, خاڵی خۆی دوورخستەوە" لەگەڵ ئەوەشدا ڕێی لەوە گرت کە ئەفلاتوون دەرباری ئەو بەجێ بێڵێ, ئەو فەیلەسوفی پیری ئاگادارکردەوە کە پێیخۆش نەبوو ئەو کاتەی ئەفلاتوون دەگەڕایەوە بۆ ئەسینا بەخراپە باسی بکات . خۆشبەختانە , دۆستان , هەر زوو ڕێو شوێنی ڕاکردنی ئەفلاتوونیان ڕێکخست و بۆ ئەسینا گەڕایەوە جێیەك کە قوتابیان وەفاداری دەبون, لەئەکادیمیادا چاوەڕوانیان دەکرد , بەڵام دیونوسیوسی دووەم لەڕاکردنی ئەفلاتوون نیگەران و دڵگران بوو , ئەو سوودێکی زۆری لە هەڤپەیڤینەکانی خۆی لەگەڵ ئەفلاتوون وەرگرتبوو , گەرچی نەیدەویست هیچ کام لە ئەندێشەکانی ئەو بکەونە بواری کرداری و پراکتیزە بێن ( سیراکوس هەرگیز لە ڕەوشێکی وانەبوو کە ئەو جۆرە تاقیکردنەوانە لەسەر خۆی بەشتی شیاوو ڕەوا بزانێ لەوی دەمێ سیراکوس تاکە دەوڵەتێکی بەهێز بوو کەتوانیبووی بەرەنگاری دەستدرێژی کارتاژ بۆ سەر ئێتاڵیا –جێبەجێ بکات کە تیادا کارتاژ کۆماری یەکەمینی ڕۆمای سەرنگون کردبوو–ببێتەوە ) . واپێدەچێ کە دیونوسیوس , وردە وردە ئەفلاتوونی وەك پیریك یا باوکێکی مەعنەوی تەماشا کردبێ , گۆمانێتیا نییە کە ئەو بەخیلی بەو پەیوەندی و عەلاقەیەی ئەفلاتوون بۆ خاڵی , واتە دیون ,دەبرد دیونوسیوسی دووەم , داوای لە ئەفلاتوون کرد کە بگەڕێتەوە سیراکوس و بەردەوام بە تکا و داواکانی خۆی ئەفلاتوونی هەراسان دەکرد ئەو بە یادەوەرێکی نیگەران , بەهەموو ئەوانەی گوێیان لە قسەکانی دەگرت , ڕاگەیاند کە ئیدی بەبێ هەڤپەیڤینی مامۆستای خۆی لە فەلسەفە , ژیانی ئەو بەهایەکی بۆ مانەوە تیا نەماوەتەوە. سەرەنجام دیونوسیوس خێراترین کەشتی جەنگیی خۆی ناردوە ئەسینا و هەرەشەی کرد کە ئەگەر ئەفلاتوون نەهێتە سەردانی و دیداری نەکات , هەموو داراییەکانی دیون لەسیراکوس (( کەبڕی ئەو داراییانەش مەزەندە دەکرا )) دەست بەسەردا دەگرێ , دواجار ئەفلاتوونی تەمەن (٧١) ساڵ , هەرچەند هەستی دەکرد کە ئەو کارە دووره لە ژیری , سواری کەشتی بوو و تاکو بچێتە سیراکوس , واپێدەچێ ئەوەی کە ئەوی ڕازی کرد بچێتە ئەوسەفەرە , دیون بوو لەو کاتەدا , لەجیاتی خولیای بنیاتنانی نموونە شاری ئەفلاتوون و (( ئەندێشەی سەلماندنی بەرزتر بوونی ڕۆح لەجەستە بۆ فەرمانڕەوای زۆردار)) بێت بەرادەیەکی زۆر سەرقاڵی پرس و خولیا گەلی تربوو , زۆری نەبرد کە ئەفلاتوون, جارێکی تر بووەوەو زیندانێکی ڕاستەقینە لە سیراکوس، زیندانێیك کە بەلێبڕاوی ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە ڕۆژی دووجار تا ورگی ڕەپ دەبێ پڕی بکات لە خواردنی ئیتاڵیایی و بەو پەڕی تووڕەییەوە

و: ڕێباز مستەفا

هەموو شەوێ بوونەوەری ناپەسەندی لەسەر نوێنی خۆی دووردەکردنەوە, بەڵام خۆشبەختانە جارێکی دیکەش دەرباز بووەوەو ئەمجارەیان بەیارمەتی فیساگۆرسییەکی هاودڵ و هاوبیری خەڵکی تارانتۆ کە لەناکاو دەرکەوت و ئەفلاتوونی لە کپترین ساتەکانی شەودا ,بەکەشتی خۆی برد , فەیلەسوفی پیر لەتەك کۆیلەکان کەلەژێر زەبری قەمچی , ئازایانە سەوڵیان لێدەدا و کەشتیەکەیان بۆ پێشەوە لێدەخوڕی , خێرا بەرەو ئەوبەری دەریا بۆ باوەشی ئاسوودەی ئەسینا , وەرێکەوت چەند کاتژمێرێك دواتر "دیون" بەوئامانجەگەیشت کەرەنگە هەمیشە بەتا سەیەوە بووبێ : ئەو پەلاماری سیراکوسیدا , دیونوسیوسی دووەمی وەلا ناو خۆی دەسەلاتی گرتەدەست , ئێستا کە سەرەنجام بەخت یاوەری دیون بوو , ئایا ئەو هەوڵیدا کە کۆماری ئەفلاتوون بنبات بنێ؟ وەك دەبینین نەخێر, ئەوەی نەکرد بەڵام چارەنووس وابوو , لەوەتی کە دادگەریی ئەفلاتوونی سەرنەکەوێ , دادگەریی شاعیرانە بەئەنجام بگات : زۆری پێنەچوو کە دیون لەوپەڕی سەرسوڕماندا , بەهۆی خیانەتی یەکێك لە قوتابیانی پێشووی ئەفلاتوون , کوژرا ) بەمشێوەیە , هەنگاوەنانە تیژەکانی ئەفلاتوون بە نێوقەڵەمرەوی سیاسەت کۆتاییان هات , ئیمپراتۆریای رۆما, لەدەستی (ئەندیشە سیاسەکانی ئەفلاتوون ) قوتاری بوو و لەمەترسی دەرباز بوو, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی تێڕوانینە تاقینەکراوەکانی ئەفلاتوون ئەوەبوو کە دنیای سەدەکانی ناڤین کە لە هەناوی ئیمپراتۆریای رۆماوە دروست ببوو , ئەڵگو و سەرمەشقێکی لەبەردەستدا هەبێ و لەسەردەمی نوێدا , نموونەکانی وەکو ستالین و هیتلەر بۆ هەنگاوەکانی خۆیان پێشینەیەکی هەبێ , ئایا ئەفلاتوون سەرلەبەر کەسێك بوو کە لەرووی منجریەوە پێ لەسەر ئەندێشەی و بۆچوونە نادروستەکانی خۆی دابگرێ ؟ لەدیدی ئەودا تەنها ئەقڵ ئەو توانایەی هەیە بگات بە مەعریفەی و دەرکی راستەقینەو وەها کارێك لە دەستی هەست ونەست و مەزەندە نایە , ئەگەر بڕیار بێ رۆح بگاتە حەقیقەت , دەبێ خۆی لە جیهانی تاقیکردنەوە و هەست بکێشێتەوە , لەکاتێکدا کە ئەفلاتوون بەرشتی باوەڕی بەو پرسە هەبوو , لەیەکەم نیگادا , سەختە ئەوە تێبگەین , کە ئەو چ مەبەستێکی لە داڕشتنی یاسا بۆ نموونە شارەکەی خۆی هەبووبێ , ئەو دیدگا فەلسەفیە , ناکۆکە لەگەڵ نەریتی باو لە سیاسەت , بەمەشەوە بەقسەی

ئەفلاتوون "ئاستەنگەکانی رەگەزی مرۆڤ , کۆتاییان نایە مەگەر ئەوەی کە فەیلەسوفەکان خۆیان ببنە فەرمانڕەوا یا فەرمانڕەواکان خودی خۆیان بدەنە فەلسەفە" (بەکردەوە, تەواو شتێکی پێچەوانەی ئەوشتە کەوتۆتەوە , ئەو فەرمانڕەوایانەی کە بیرو ئەندێشەی فەلسەفی ئیلهامبەخشیان بووە , بەبەراورد لەگەڵ ئەو فەرمانڕەوایانەی لەفەلسەفە بێئاگا بوون , زۆر زیاتر بەڵاو کارەساتیان بەبارهێناوە ). لەسێگۆشەی گۆشە وەستاودا دووجای ژێ ئەکاتە کۆی دووجای دوولا وەستاوەکە (ئەو دوو لایەی کە دەوری گۆشە وەستاوەکەی داوە).

$$\text{أج}^2 = \text{أب}^2 + \text{ب ج}^2$$




یاسای فیساگۆرس

**سەرچاوە: أشنایی با أفلاتوون**

**نووسینی : پۆل ستراتیرن**

**بۆ فارسی : مەسعود عولیا**

**بەشی یەکەم**